سەعد مەولا

# ئیسلامی سیاسی
# لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆداچونەوە

وەرگێڕانی
جەمال غەمبار

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری
سلێمانی ٢٠٠٢

سەعد مەولا
ئیسلامی سیاسی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆداچونەوە
سلێمانی ٢٠٠٢
زنجیرەی کتێبی بیر: (١٠)
ژمارەی سپاردن: (٤٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٢
بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)

## سەرنجێك پێش خوێندنەوەی ئەم وەرگێڕانە..

ئەو وتارە ئەگەرچی زیاتر مۆرکی گێڕانەوەیەکی خێراو کورتە باسی ئەو رووداوانەی لەخۆگرتووە کەلەسیاقی دروستبوونو گەشەکردنی گروپو دەستەو تاقمە ئیسلامییە توندڕەوو ئوسوڵییەکان لە(میسر) بەرپابوونو ئاسەواری ئەو رووداوانە هەتا ئێستاش کاریگەری خۆیان لەسەر کۆمەڵی میسریی جێهێشتووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خودی وتارەکە چەند ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئەو هۆکارانەی کەبوونەتە مایەی جۆرە وەرچەرخانێك یان راستتر وەرگۆڕانێك لەبیرکردنەوەی هەندێ لەو گروپە ئوسوڵیانەی کەرۆژگارێك قەناعەتیان وابووە کەسەرجەمی موخالیفینی خۆیان غەرقی مەرگو خوێن بکەن، کەچی دواترو لەئەنجامی چەندین تاقیکردنەوەی واقیعیانەو پاشان پرۆسەی رەخنە لەخۆگرتنو بەخۆداچوونەوەدا دەستبەرداری پیادەکردنی زەبروزەنگ بوونو هەر لەهەناوی تێزە شەرعییەکانی خودی ئیسلام خۆیەوە ئەو قەناعەتەیان لەلادروست بووە، کەزەبرو زەنگو توندوتیژیو تیرۆر کەکاری تیرۆرو زەبرو زەنگ نواندنو خوێناویکردنی کۆمەڵ، جگە لەلاوازکردنی رایەڵە کۆمەڵایەتییەکانو تێکدانی ئەخلاقی ئینسانیانەی خەڵكو دواتر بەرهەمهێنانەوەی زەبروزەنگو گیانی تۆڵەسەندنەوە، هیچی تریان لێناکەوێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەستپێشخەرییەكو چەند دەقو لێکۆڵینەوەیەکیان بەشادێڕی (زنجیرەی راستکردنەوەی چەمکەکان- "سلسله تصحيح المفاهيم") چاپو بڵاوکردەوەو ئەم وتارەش قسەکردنە لەسەر ئەو دەقانە.

ئەگەرچی من بۆخۆم سەرنجی تایبەتم لەسەر خودی ئەو وتارە هەیە، بەتایبەتی لەمەسەلەی سەرەکیی جیاکردنەوەی ئایین لەدەسەڵات، بەڵام وەك خستنە بەرچاوی کورتەی ئەزموونێك کەتایبەتە بەوەرگۆڕانی وتاری ئیسلامی ئوسوڵیی لەزەبرو زەنگو تیرۆرەوە، بۆ دیالۆگو قبوڵکردنی ئەویدی، کەوەرچەرخانێکی وەها لەکۆمەڵگەیەکی بریندارda بەکارێکی ئیجابی دەدرێتە قەڵەم.

لەوەرگێڕانەکەدا، لەهەندێ شوێندا رستەو پەرەگرافەکانم داڕشتۆتەوە، هەروەها هەندێ تێزی شەرعی هەن، بۆئەوەی ماناکانیان نەشێوێن، وەك خۆیان بەعەرەبی دامناونەتەوە، سەرەڕاش ناوی هەندێ لەکتێبەکانم هەر وەك خۆی هێشتۆتەوە، چونکە بەشێوەی سەجعو داڕشتەی شەرعیی نووسراون.

**وەرگێڕ- شام**

"ڕۆژی پێنجی تەممووزی ساڵی ١٩٩٧، لەکاتێکدا یەکێك لەدادگاکانی میسر سەرقاڵی ڕاییکردنی کێشەی سەربازیی ژمارە (٢٣٥) بوو، لەناکاودا یەکێك لەوانەی کەلەو کێشەیەدا تۆمەتبارکرابوو، بێدەنگیی ئامادەبوانی هۆڵەکەی شڵەقاندو لەبەرامبەر ستافی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ئامێرو دەزگاکانیاندا دەستیکردە خوتبەدانو خوێندنەوەی بەیاننامەیەك کەلەلایەن سەرکردە مێژووییەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی)یەوە ئیمزاکرابوو، بەیاننامەکە داوا لەبرایان واتا (برایانی ئیسلامی-وەرگێڕ) دەکات کارو پرۆسەکانی شەڕو خوێن ڕشتن ڕابگرن".

ئەو ڕستەیەی سەرەوە دەستپێکی یەکەمین کتێبی (زنجیرە ڕاستکردنەوەی چەمکەکان)ن‌و ناونیشانی کتێبەکە بریتییە لە(مبادرة وقف العنف، رؤية واقعية ونظرة شرعية)، ئەم کتێبە ئیمزای —سەرکردە مێژووییەکانی کۆمەڵەی ئیسلامی-ی لەخۆ گرتووە، ئەو سەرکردانەی لەزیندانەوە ئەم بانگەشەیە دەکەن‌و بریتین لە: (اسامة ابراهيم حافظ، عاصم عبدالماجد محمد، كرم محمد زهدي، علي محمد علي الشريف، ناجح ابراهيم عبدالله، محمد عصام الدين دربالة، فوئاد دەوالیبی، حمدى عبدالرحمن عبدالعظيم).

بەدوای کتێبی ناوزەدکراودا، سێ کتێبی‌تر دێن کەئەمانەن:

١-حرمة الغلو في الدين، وتكفير المسلمين.
٢-تسليط الاضواء على ما وقع في الجهاد من اخطاء.
٣-النصح والتبيين في تصحيح مفاهيم المحتسبين.

هەر چوار کتێبەکەش بەئیمزای ئەندامانی (ئەنجومەنی شورای کۆمەڵی ئیسلامی) بڵاوکراونەتەوە، ئەوانەی کەماوەیەکی زۆر ژیانیان لەزینداندا گوزەراندووەو هەتا ئێستاش چاوەڕوانی ئەوەن ئازاد بکرێن، لەڕاستیدا (دەستپێشخەری ڕاگرتنی زەبرو زەنگ) کەلەو بەیاننامەیەدا هاتووە کەلەپێشەوە باسمان کردو هەروەها هەر چوار کتێبە فیقهییە تیۆر ئامێزییەکەی کەدواتر بڵاوکرانەوەو دوایش قەدەغەکران، سەرجەمی ئەمانە هەڵوێستێکی زۆر ئازایانەی ئەو سەرکردە مێژووییانە پێکدەهێنن کەهەر خودی خۆیان تاڵیی‌و سەختی‌و قورسایی ئەزموونەکەیان لەکۆڵ ناوەو هەر خۆیشیان ئەنجام‌و ئاسەواری ئەو ئەزموونە لەئەستۆدەگرن.

ئەم چوار کتێبە، بەر لەهەر شتێك گوزارشت لەهاوسەنگییەکی سایکۆلۆژیی‌و زانستی‌و مرۆیی دەکەن‌و هاوزەمانیش دەبنە ئاماژەیەك بۆ هۆشمەندییەکی قووڵ‌و موکاشەفەکردنێکی ڕاشکاوانە لەگەڵ خودو دیالۆگێکی بەردەوام لەگەڵ ئەویدی (الاخر) بەهەموو ئاست‌و جۆرەکانییەوە.

ئەو کاتەی دەستپێشخەری راگرتنی زەبروزەنگ جاڕی بۆ درا، هەریەکە لە(عبود الزمرو صالح چاهین) کەدوو سەرکردەی رێکخراوی جیهاد-ن لەزیندانەدا) رەزامەندیو ئیمزاکردنی خۆیان بۆ دەربڕی، هەروەها سەرکردەکانی رێکخراوی (الناجون من النار- کەدرێژکراوەی یان درێژەپێدەری کۆمەڵەی تەکفیرو هیجرەت-ن)و (رێکخراوی حزب الله-ی میسری)یش رەزامەندی خۆیان بۆ ئەم دەستپێشخەرییە دەربڕی.

دیارە ئەوەش بۆ ئەو کاتو رۆژە، مانای ئەوەی گەیاندووە کەمەسەلەی دەستهەڵگرتن لەزەبروزەنگ مایەی قسەو باس ومەترەحێکی گەرمو گوڕ بووە لەزیندانەکاندا، بابەتێکی سەرەکی ئەو دیالۆگانە بووە کەلەنێوان کۆمەڵو گروپە ئیسلامییە بنەڕەتییەکاندا لەناوەوەی زیندانو دەرەوەیدا، بەرپابوون، هەروەها لەنێوان ئەم گروپانەو کەسانیتری چاكو هەڵسووڕاودا جەرەیانی هەبووە، ئەگەرچی دەسەڵاتو حکومەتو هێزە سیاسییە عەلانییەکانیش کاردانەوەو مامەڵەی ئیجابیان بۆ دەستپێشخەرییەکە نەبووە، نەك هەر ئەوە، بگرە هەندێ دامودەزگاو لایەن لەمیسردا بەردەوام بوون لەبەرپاکردنی چەندین شالاوی گرتنو راوەدوونانو دوورخستنەوە دژی بزوتنەوەی ئیسلامی لەنێو سەندیکاکانو لەنێو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا، ئەمەش بۆخۆی ئاماژەیە بۆ ئەو ترسەی کەهێزەکانی رژێمی رەسمی حوکمڕان (یان لانی کەم هەندێ لەو هێزانەی کەجڵەوی حوکمڕانیان بەدەستەوەیە) بەرامبەر گەشەسەندنی رۆڵی ئیسلامی میانڕەوو مامناوەند لەکۆمەڵو رێکخراوە سەندیکاییەکاندا، هەیانە.

هەروەها ئەو چوار کتێبە لەناوەرۆکدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەهۆکاری هەرە دیارو گرنگی دەستەبەرکردنی ئارامیو سەقامگیربوونی بارودۆخ لەمیسردا، بێ هیچ گومانێك، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرەسەندنە گرنگەی (ئەو وەرچەرخانەی-وەرگێڕ) کەبەسەر بیرکردنەوەو میزاجی گشتیی تەیاری ئیسلامیی دەست بەسەرو راونراودا هاتووە. ئەمەش بۆخۆی پەرەسەندنێکە خۆی لەبالادەستیو فرەییدا دەبینێتەوە، دیارترین نیشانەی ئەوەش، هەڵوێستی (شێخ عمر عبدالرحمن)ە، کە لەزیندانەکەیەوە لەئەمریکا پشتیوانی خۆی بۆ راگرتنی زەبروزەنگ دەربڕی، هەروەها رەزامەندی ئەنجومەنی شورای (کۆمەڵی ئیسلامی) بوو لەسەر دەستپێشخەرییەکە لە٢٨ مارتی ١٩٩٩ (ئەم رەزامەندییەش لەسەر زمانی ئەنجومەنەوە راگەیەنرا کەناوی رفاعی احمد طه-یە ئەو کاتە لەئەفغانستان نیشتەجێبوو).

دواتریش دەرچوونی فەتوایەکی شەرعی بوو کەکوشتنی گەشتیارانی بیانیو خەڵکی مەدەنیو قیبتییەکانی حەرامکردو هەر خودی (کۆمەڵی ئیسلامی)یش ئەم فەتوایەی چاپو بڵاوکردەوەو هاوپێچ لەگەڵ فەتواکەشدا لێکۆڵینەوەیەکی فیقهیی- فکریی بڵاوکردەوە کەبنەمای یەکەم بوو بۆ بابەتی ئەو کتێبانەی دواتر بڵاوکرانەوە.

لەئاقارێکی تریشەوە، زۆرێک لەئەندامانو کادرە دێرینەکانی ئەو بزوتنەوانەی، لەدەرەوەی زیندانەکاندا، کەوتنە چالاکیو کارکردن بۆ پێکەوەنانی چەندین رێکخراوی سیاسیی ئاشکرا، بەشێوەیەک ئەم رێکخراوانە ئیعتراف بەهەبوونی دیالۆگو فرەلایەنیو دیموکراسی بکەنو زەبروزەنگو توندڕۆیی بەلاوەنێن، بەڵام لەوەرگرتنی مۆڵەتی رەسمیی کارکردندا سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا.

## سەرچاوەکانی پیادەکردنی زەبروزەنگی چەکدار لەمیسر

سەبارەت بەو سەرچاوانەی کەتەیاری زەبروزەنگی چەکداریی لەبزوتنەوەی ئیسلامیی میسریدا، دەکرێ قسە لەبارەی سێ سەرچاوەوە بکرێت، ئەوانیش:

١-کۆمەڵی تەکفیرو هیجرەتو درێژەپێدەرانی ئەم کۆمەڵە کەدواجار بەکۆمەڵی (الناجون من النار) گیرسانەوە.

٢-(کۆمەڵی ئیسلامی) لەسعیدی میسر.

٣-(کۆمەڵی جیهاد ) لەناوچەی (وەجهی بەحری).

(تەکفیرو هیجرەت) ناوێک بوو، دەزگاکانی ئاسایش بڕییانەسەر ئەو گروپەی کەخۆیان ناونابوو بە(کۆمەڵی موسڵمانان) ئەم گروپە لەزیندانەکانی میسردا دروست ببوو، ئاڵای توندڕۆییو پەڕگیرییان هەڵکردبوو، ئەوەش لەئەنجامی ئەو ئەشکەنجە تاقەت پڕوکێنو فشارە دەروونییو فکریو دەمارگیرییەی کەگیراوەکانی یان زیندانیانی (ئیخوان موسلمین) لەدوای هەردوو شاڵاوی گرتنو راپێچکردنەکانی ساڵی ١٩٥٨و ساڵی ١٩٦٥و پاشان لەسێدارەدانی (سەید قوتب)و هاوڕێکانی لەساڵی ١٩٦٦دا، دووچاری هاتبوون.

تەوژمی توندڕۆیی لەسەر دەستی (شێخ عەلی ئیسماعیل)دا گەشەیکرد، ناوبراو برای (عبدالفتاح اسماعیل) بوو کەلەگەڵ (سید قطب)دا لەسێدارەدرا، ئەم تەوژمە هەر بەتەکفیرکردنی ئەوانەوە نەوەستا کەبەرپرسی ئەشکەنجەدان بوون لەزیندانەکاندا، بەڵکو فەتوای تەکفیرکردن گەیشتە بەرپرسانی ئاسایشو پاشان دەوڵەتو دواجاریش تەکفیرکردنی سەرجەم ئەو کۆمەڵگەیەی کەبێدەنگو رەزامەندە بەرامبەر رووداوەکان، تەنانەت کارگەیشتە تەکفیرکردنی ئەوانەی کەلەناو خودی (ئیخوان موسلمین) خۆشیاندا بەموخالیفین دەدرانە قەڵەم.

دواتر تەوژمی (قوتبیەکان-القطبیون) دروست بوو، ئەوە بوو (شیخ علی اسماعیل) قوتبییەکانی جێهێشتو گەڕایەوە ریزەکانی (ئیخوان) کەڕابەرەکەیان (حسن الهضیبی) بوو، دواتر لەژێر ناوی (التوقف والتبیین)دا بەسەرکردایەتی (شکري مصطفی) گیرسانەوە. (التوقف و التبیین: مانای ئەوەی ئەم گروپە، راستەوخۆ تەکفیری تاکەکان نەکەن، بەڵکو سەرەتا بیروباوەڕی گروپەکەیان بخەنەبەردەم، ئەگەر قەبوڵیان کرد ئەوا موسڵمانن، ئەگەریش رەتیان کردەوە ئەوا کافرن).

لەساڵی ١٩٦٩دا، (شکري مصطفی، کەخەڵکی ئەسیوتەو لەشاڵاوی ساڵی ١٩٦٥دا دەستگیرکرا)، لەدامەزراندنی ئەم گروپەداو لەگەڵ سیانزە هاوڕێی تریدا، سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەو کاتەشی کەلەساڵی ١٩٧١دا لەزیندان هاتەدەرێ، گروپەکە زیاتر گەشەیکردو بووە ئەو تەوژمە گەورەیەی کەچەندین ململانێی لەگەڵ تەوژمە ئیسلامییەکانیتردا بەرپاکرد، هەروەها لەگەڵ دەزگاکانی دەسەڵاتدا دووچاری رووبەڕووبوونەوە بوو، ئیتر لێرەوە کردەوە توندوتیژییەکان دەستیانپێکرد، هەر لەکردەوەی رفاندنو ئەشکەنجەدانی موخالفینو بڕینو تاڵانکردنی دوکانی زەڕەنگەرەکانو سوتاندنی شوێنەکانی پیشاندانی فیلمی ڤیدیۆییو شوێنەکانی ترەوە، تادەگاتە رفاندنی وەزیری ئەوقاف (شیخ حسین زەهەبی)و پاشان تیرۆرکردنی لەساڵی ١٩٩٧دا، خۆیو چوار کەس لەسەرکردەکانی گروپەکە لەسێدارەدران، دوای ئەم زەبرەی بەر گروپەکە کەوت، ئیتر قۆناغی ململانێی ناوەوەو تەکفیرکردنی یەکتری لەناو ئەندامانی گروپەکەدا دەستیپێکردو لەڕووی فکریو رێکخراوەییەوە بەرەو پووکانەوە رۆیشت بەتایبەتی دوای پەشیمانبوونەوەی زۆرێك لەسەرانی گروپەکە لەفکرو بۆچوونی تەکفیرو هیجرەت، دیارترین ئەو سەرانەش (عصام سید عبدالنبي، صفوت الزیني، حسن السحیمي) بوون، هەروەها ئەم مەسەلەی پەشیمانییەش لەتەکفیرو هیجرەت بەدەورو کاریگەریی دیاترین سەرانی (کۆمەڵەی جیهاد) (حسن الهلاوی) بەڕێوەچوو، شایانی باسە ئەم رەمزە دیارەی (کۆمەڵەی جیهاد)، واتا حسن الهلاوی دواتر چووە پای هەڵمەتێکی گفتوگۆی فکریو مونازەرەکردن لەگەڵ (شکري مصطفی)دا، ئەم گفتوگۆو مونازەرەیە لەسەر کاسێتی تۆمارکراو بەناو سەرجەم کادرانی تەوژمە جیهادییەکاندا دەستاودەستی کردو دواتر بووە هۆی بەرپاکردنی هەوڵێکی تیرۆریستییانە بۆ کوشتنی حسن الهلاوی لەلایەن هەندێ لەکادرانی (تەکفیرو هیجرەت)ەوە "ئەم کادرانە سەر بەو کەتیبەیە بوون کەخۆیان ناونابوو (الکتیبة الخضراء)".

لەساڵی ١٩٧٧دا حسن الهلاوی لەسەر مەسەلەی جیهاد حوکمدرا، بەڵام رایکردە ئوردنو لەوێشەوە بەرەو سعودییە

هەڵات، پاشتر لەسعودییە دەستگیرکراو تەسلیم بەدەسەڵاتدارانی میسر کرایەوەو هەتا ئێستاش لەزیندانداییە.

لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا (دکتور مجدی الصفتی)و چەند کەسێکی‌تر، سەر لەنوێ کۆمەڵی (الناجون من النار)یان پێکەوە نایەوەو هەندێ گۆڕانکارییان لەفکرو پرۆگرامی ئەم کۆمەڵەدا کرد بەتایبەتی لەڕووی پشتبەستن بەکاروکردەوەی زەبروزەنگ‌و تیرۆرەوە، دیارترینی ئەو کردەوانەشیان ئەو هەوڵە تیرۆریستیانە بوون کەبۆ تیرۆرکردنی هەردوو وەزیری پێشووی میسر (النبوی اسماعیل وحسن ابو باشا)و هەروەها رۆژنامەوان (مکرم محمد أحمد) سەرنووسەری گۆڤاری (المصور) بەرپایان کرد.

## گروپەکانی جیهاد

دکتۆر محمد مۆرو-ی سەرنووسەری (المختار الاسلامی) بۆچوونی وایە کەڕێکخراوی (جیهاد) لەساڵی ١٩٥٨داو لەزیندانەکانی میسردا دروستبووە (پاش شاڵاوە گەورەکانی دەستگیرکردن)و ئەم دروستبوونەش لەسەر دەستی (نبیل البرعي)و لەسەر بنەمای فەتواکانی (ئیبن تەیمیە) هاتەدی، هەروەها بارودۆخی ئیسلامییە گیراوەکانی نێو زیندانەکانی میسرو ناچاربوون بۆ گۆڕینی کاری ئاشکرا بۆ کاری نهێنیێ، هۆکاری دروستبوونی ئەو ڕێکخراوە بوون، سەرەڕاش‌و هەر بەپێی بۆچوونی مۆرو، دووەمین شاڵاوی گەورەی گرتن‌و ڕەشبگیرییەکانی ساڵی ١٩٦٥و لەسێدارەدانی (سید قطب)و هاوڕێکانی، پاڵیان بەسەدان گەنجی ئایینپەروەرەوە نا، کەبچنە ریزی ئەم ڕێکخراوەی کەیەکەمین شانەی ڕێکخستنی لەقاهیرەو لەساڵی ١٩٦٠دا دروست بوو، (مەبەستی نووسەر لێرەدا ڕێکخستنەکانی دەرەوەی زیندانەکانە-وەرگێڕ). ئیتر هەر یەکە لە(اسماعیل الطنطاوی‌و حمد عبدالعزیز الشرقاوي)یش چوونە پاڵ (نبیل البرعي)، دیارترینی ئەو ئەندامە تازانەی کەدواتر سەرکردایەتی (ڕێکخراوەکەیان) پێکهێنا، بریتی بوون لە(ایمن الظواهري و حسن الهلاوي وعلوي مصطفی).

بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەندازیار (ابوالعلا ماضي) بۆچوونی وایە کەدەستپێکی بەرهەڵلابوونی گروپەکانی (جیهاد) لەمیسردا دەگەڕێتەوە بۆ (صالح سریة)ی فەلەستینی کەبەگەیشتنی بۆ میسر لەساڵی ١٩٧٣دا دەستیپێکرد، دیارە کەگروپەکانی سەر بە(نبیل البرعي) لەشێوەی ڕێکخستنی هێشوویی (التنظیم العنقودي)، کەجۆرێکە لەڕێکخستنی نهێنی‌و بەمەبەستی خۆپاراستن لەهەر زەبرێکی کوشندەو گورچکبڕ وەك شێوازێکی ڕێکخراوەیی دەگیرێتە بەر-وەرگێڕ) کەوتنەکارکردن‌و ئەم گروپانە سەرقاڵی بوونی دەسەڵاتیان بە(ئیخوان)ەوە، وەك

هەلێكی لەبار بۆخۆیان قۆستەوەو كەوتنە خۆئامادەكردن‌و مەشقكردن‌و خۆ پڕچەككردن بەدرێژایی ساڵانی ١٩٦٦-١٩٧٣، ئیتر لەساڵی ١٩٧٣داو لەدەمی روودانی شەڕی ئۆكتۆبەردا، (علوي مصطفى) بڕیاری بەشدارییكردنی ئەم شەڕەیداو خۆی‌و دەستەیەك لەهاوڕێكانی لەناوچەی (الدفرسوار) بەشداری شەڕەكەیان كرد، (بێگومان‌و ئەگەرچی ئەمان لەگەڵ دەسەڵات ناكۆك بوون، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی وڵات بەشداری شەڕەكەیان كردووەو دواتریش ئامانجی ستراتیژی گروپەكەی خۆیان هەبووە، وەك لەم چەند دێڕەی دواتردا دەردەكەوێ-وەرگێڕ)، ئەم بەشداریكردنەیان لەو شەڕەدا، بواری ئەوەی بۆ رەخساندن كەپەیوەندی لەگەڵ زۆرێك لەئەفسەرانی میسریدا دروستبكەن، دیارترینی ئەو ئەفسەرانە (عصام القمري) بوو، ئیتر (جیهادییەكان) لەدروستكردن‌و پێكەوەنانی چەندین شانەی رێكخراوەییدا لەریزەكانی سوپای میسریدا سەركەوتنیان بەدەستهێنا، ئەم حاڵەتەش بۆخۆی خەسڵەتێكی جیاكەرەوەی گروپی (جیهاد) بوو، ئەم خەسڵەتەش بۆخۆی یارمەتیدەرێكی باشی ئەم گروپە بوو لەبەرپاكردنی شەڕەكانیاندا دژ بەرژێم بەتایبەتیش لەجێبەجێكردنی تیرۆركردنی سەرۆكی میسر ئەنوەر ساداتدا.

ئامادەبوونی (صالح سرية) كەئەفسەر بوو لەرێكخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی‌و ئەندامی پێشووی سەركردایەتی (حزبی رزگاری) بوو، رۆڵ‌و كاریگەریی خۆی هەبوو لەرەنێوهێنانی زۆرێك لەفێرخوازانی كۆلێژی هونەری سەربازی‌و كۆلێژی جەنگیی‌و كۆلێژی هێزی ئاسمانی، دواتریش رێكخراوەكەی حسن الهلاوي كەرێكخراوێكی چالاكی پارێزگای (الجیزة) بوو هاتەریزی ئەم گروپەوە، لەساڵی ١٩٧٤دا (صالح سرية) هەوڵی بەرپاكردنی كودەتایەكی‌دا، بەڵام هەوڵەكەی سەركەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەم هەوڵە بە(رووداوەكەی كۆلێژی هونەریی) ناوزەدكراو ئەنجامەكەشی بەگرتن‌و لەسێدارەدانی خۆی‌و یاریدەدەرەكەی (كارم الاناضولي) شكایەوە، ئەوانی‌تریش بەسزای زیندانیكردن حوكمدران كەلەناویاندا حسن الهلاوی بوو، دواتر توانی لەزیندان هەڵبێت بۆئەوەی سەرلەنوێ (رێكخراوەكە) پێكبهێنێتەوە.

هەروەها كەسانی تری غەیری ئەویش توانیان چەند گروپێكی‌تری جیهادی پێكەوە بنێن بەتایبەتی هەریەكە لە(محمد السيد اسماعيل‌و محمد ياسر) لەئەسكەندەریە، لەپاڵ ئەم كەسانەشدا (يحيى هاشم) كەپێشتر لەپۆستی جێگری داواكاری گشتیدا بوو (پۆستێكی یاساییە لەدادگا-وەرگێڕ)، لەهەوڵدانێكی چەكدارییدا ویستی (صالح سرية) لەزیندان ئازادبكات لەساڵی ١٩٧٥دا، بەڵام هەوڵدانەكەی سەری نەگرت‌و خۆی كوژراو رێكخراوەكەشی كە لەئەسكەندەرییە

دروستی کردبووو لە(٣٠٠) کەس پێکهاتبوو، دووچاری پەرتبوون هات.

هەروەها کەسێکیتر بەناوی (سالم رحال) کەیەکێك بوو لە(شاگردانی زانکۆی ئەزهەرو فەلەستینی)بوو، ئەویش کەوتە چالاکی نواندنو ئەوانەشی لەگەڵیدا بوون، بریتی بوون لە: (کمال السعید حبیب، احمد راشد، نبیل نعیم، احمد رجب، محمد طارق ابراهیم، اسامة قاسم، انور عکاشة، محمد الاسوانی، محمد سعید عثمان)، ئەمانە گەورەترین گروپ بوون لەو رووەوە کەئەندامو کادرەکانیان خاوەن روناکبیرییەکی سیاسیی بوون، ئەم گروپەش ناوی (جیهاد)یان هەڵگرتبوو، لەنێوان قاهیرەو ئەسکەندەرییەدا کۆیان بەستبوو.

هەر لەشاری ئەسکەندەریە، گروپێکیتر ئاشکرا بوون کەگروپی (محمد ابراهیم سلامة) بوونو ئاشکرابوونەکەشیان بەهۆی ئەو هێرشە چەکدارییەوە بوو کەلەساڵی ١٩٧٧دا کردیانەسەر کۆنسولیەتی قوبرس، ئیتر ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٩دا ئەم گروپە لەناوبران، یەکێك لەکادرە هەرە دیارەکانی ئەم گروپە (محمد عبدالسلام فرج) بوو، ئەو ئەندازیارەی کە لەئەسکەندەریە هەڵاتو دواتر بەهێزترین جیهادیی لەقاهیرەو ناوچەکانی (وجه بحري) پێکەوەنایەوە، دواتریش گروپەکە هەر بەناوی (وجه بحري) ناسرا، (فرج) خاوەنی کتێبی (الفریضة الغائبة)یەو دواتر هەریەك لە(طارق الزمر)و (عبود الزمر) پەیوەندییان پێوەکرد کەئەمەی دووەمیان کوڕە مامی خۆیو ئەفسەری پلەی (مقدم) بوو لەموخابەراتی سەربازیی، هەروەها هەندێکیتریش کەوتنە چالاکی لەگەڵ (فرج)دا کەبریتی بوون لە: (سالح شاهین، رفعت السمان، عبدالمجید الفقي، عبدالناصر درة، السید ابراهیم عوض الله)، لەساڵی ١٩٨٠ڕێکخراوی (جیهاد-وجه بحري) گەورەترینو بەربڵاوترین ڕێکخراوبوو لەڕووی مەشقو چەکدارییەوە، هەر ئەوکات (محمد عبدالسلام فرج)ی بەرپرسی ئەم ڕێکخراوە چاوی بە(کرم زهدي) کەوت کەسەرکردەی گروپی (جیهاد) لقی (الصعید) کەوت، ئەم گروپە بە(کۆمەڵەی ئیسلامیی) ناسرابوو، هەردوولایان لەگەڵ ڕێکخراوی (سالم الرحال)دا لەسەر یەکخستنی کارەکانیانو پێکهێنانی ئەنجومەنێکی هاوبەشی سەرکردایەتی بۆ هەر سێ گروپەکە، دواتر هەر ئەم ئەنجومەنەش پلانی تیرۆرکردنی (سادات)و جێبەجێکردنی پلانەکەو کۆنترۆڵکردنی شاری (اسیوط)یان ئەنجامدا، دواتر لەزینداندا ئەم گروپانە تووشی پەرتبوونو جیابوونەوە بوونو دابەشبوون بەسەر کۆمەڵی (جیهاد- وجه بحري) بەسەرکردایەتی (عبود الزمر، دوای لەسێدارەدانی محمد عبدالسلام فرج)و (کۆمەڵی ئیسلامیی) لە(الصعید).

هەرچی گروپی یان کۆمەڵی یەکەمیانە (واتا گروپەکەی عبود الزمر) چەند هەوڵێکیان بۆ شکاندنی زیندانەکانو

دەربازکردنی زیندانییەکان لەسالآنی ١٩٨٢-١٩٨٣دا بەرپاکرد، دواتریش چەندین گروپیتر ئاشکراکرانو لەهەریەکە لە(بورسعید)و (الدقهلیه) لەناوبرانو فەوتکران.

ژمارەیەك ئەفسەریش، لەوانە (محمد البرمو محمد مکاوي) لەنێوان سالآنی ١٩٨٤-١٩٨٧دا چەند هەوڵێکی لەو چەشنەیان بەرپاکردەوە، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانە سەریان نەگرت، تاکو لەساڵی ١٩٨٨دا گەورەترین پرۆسەی هەڵاتن لەزیندانەکاندا بەسەرکردایەتی (الرائد عصام القمري) روویداو لەئەنجامدا ئەم پرۆسەیە بووەهۆی کوشتنی سەرکردەکەیو کەسێکیتر بەناوی (خمیس مسلم)و دەستگیرکردنەوەی (محمد الاسوانی). ئیتر لەدوای ئەو رووداوەوە (أیمن الظواهري) بەرەو هەندەران هەڵاتو پاش ئەوەی مافی پەناهەندەی سیاسیی وەرگرت، لەژێرناوی رێکخراوی (طلائع الفتح)دا دەستی کردە کارکردن، بنەمای کارکردنی (أیمن الظواهري) لەسەر ئەو جیاوازیی بیرو بۆچوونە بوو کەلەنێوان ئەمو (کۆمەڵەی ئیسلامی)دا لەئارادابوو، ئەم جیاوازییەش پەیوەندیی بەمەسەلەی لێدانو لێنەدانی پرۆژەی گەشتیاریو پرۆژەکانی وەبەرهێنانو چڕکردنەوەی کارە جیهادییەکانی دژی سەرانی رژێمەوە هەبوو (وەك هەوڵە سەرنەکەوتووەکانی تیرۆری وەزیری ناوخۆ حسن الالفیو وەزیری راگەیاندن صفوت الشریفو سەرۆك وەزیران عاطف صدقی، کەئەم هەوڵانە لەساڵی ١٩٩٤دا بەرپا کرانو هیچیان سەریان نەگرت)، ئەوەش پێش ئەوەی (الظواهري) بچێتە ئەفغانستانو لەگەڵ ئوسامە بن لادندا رێکخراوی (قاعیدە) دابمەزرێنێت.

## کۆمەڵی ئیسلامی

(أبو العلا الماضي) وای باسدەکات کەناوی کۆمەڵ لەو تەوژمە ئیسلامییە بێلایەنەوە سەرچاوەی گرتووە کەلەماوەی سالآنی حەفتاکاندا هەبووەو سەر بەهیچ رێکخراوێك لەڕێکخراوەکانی ناو زانکۆکانی میسردا نەبوو، لەو کەسانەی سەر بەم تەوژمە بوون: (عبدالمنعم ابو الفتوح و عصام العریان لە قاهیرە)و (ابراهیم الزعفراني و خالد داوود لەئەسکەندەریە)و (السید عبدالستارو احمد الدغیوي لەعین شمس)و (اسامة عبدالعظیمو عبدالله سعد لە-الازهر)و (خیرت الشاطر لە-المنصورە)و (انور شحاتە لەتەنتا)و (محي الدین احمد عیسی لەمنیا)و (اسامة حافظو صلاح هاشم لە-اسیوط).

(جمال سلطان)ی سەرنووسەری گۆڤاری (المنار الجدید) لەبارەی جیهادەوە رای وایە کەجیهاد زیاترو هەر لەسەروەختی دامەزراندنییەوە مەیلی بەلای کاری نهێنیو سیاسیو زەبروزەنگی جیهادییانەدا هەبووە، کەچی (کۆمەڵی

ئیسلامی) قورسایی کارکردنیان زیاتر دەخستە سەر کاری پەروەردەیی‌و بانگەشەی ئاشتییانەی ئایینی، بەڵام دواتر مەسەلەی زەبروزەنگ رۆچووە نێو ریزەکانی کۆمەڵیشەوە بەتایبەتی دوای سەردانەکەی سادات بۆ قودس‌و ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی کامپ دیڤیدو بەرپاکردنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران‌و پەرەسەندنی دۆخی خەباتی چەکداریی لەلوبنان، لەساڵی (١٩٧٩)دا ژمارەیەکی زۆر لەسەرانی کۆمەڵی ئیسلامی کەپێشتر وازیان هێنابوو، چوونە ریزی (ئیخوان موسلمین)ەوە، بەوەش دەستبەرداری هاوڕێکانیان لە(الصعید)بوون، ئەو هاوڕێیانەی کەدەبوو ئیتر رووبەڕووی پرسیاری پاشەڕۆژ ببنەوە، بەمجۆرە سەرکردەکانی کۆمەڵ‌و دوای ئەم حاڵەتەو لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا کەوتنە کۆبوونەوەو ئەنجامدانی راوێژکردن، ئەم کۆبوونەوەو راوێژکردنە ئەم کەسانەی لەخۆگرت: (صلاح هاشم، کرم زهدي، ناجح ابراهیم، عاصم عبدالماجد، اسامة رشدي، اسامة حافظ، عصام دربالة، فؤاد دەوالیبی، طلعت فؤاد قاسم، حمدی عبدالرحمن، علي محمد علي الشريف)، پاشان دەستیان کردە مەشقی چەکداریی‌و هەندێك لەکادرەکانیان کەوتنە ئەنجامدانی هێرشی چەکدارانە بۆ سەر دەزگاو دوکانی زەڕەنگەرە قیبتییەکان‌و تاڵانکردنیان بەبیانووی پەیداکردنی پارەوپوول بۆ رێکخراوەکە.

ئەو کاتەشی هەریەك لە(کرم زهدي و عبدالسلام فرج) پێکگەیشتن‌و بڕیاریاندا کاروچالاکییان یەکبخەن‌و پشتیوانیی (خالد الاسلامبولي)و هاوڕێکانی بکەن، ئەوکات رێکخراوەکە هێشتا لەقۆناغی رێکخراوێکی جەماوەری گەنجان‌و خوێندکاران‌و ئایینپەروەرو رۆشنبیر تێپەڕی نەکردبوو، هەروەها خاوەن ئەزموونی کاری نهێنی‌و شێوازی رێکخراوەیی هێشوویی لەچەشنی گروپەکانی (جیهاد- وجه بحري) نەبوون، ئیتر ئەوەبوو ئەم کۆمەڵە راپەڕینێکی میللیان لە(الصعید- اسیوط) بەرپاکرد، دوای زنجیرە دادگاییکردنەکانی ساڵی ١٩٨٤ ئەم دوو گروپە لەیەکتری جیابوونەوەو جارێکی‌تر (کۆمەڵی ئیسلامی) گەڕایەوە بۆ گرتنەبەری رێگەی کاری ئاشکراو سیاسیی‌و ئاشتییانە، هاوزەمان زۆرێك لەکادرو ئەندامان بۆ بەشداریکردنی جەنگ لەئەفغانستان هەڵاتن‌و لەوی لەنزیك (پیشاوەر) بنکەیەکیان بۆ خۆیان دامەزراند.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠یشدا زۆربەی ئەفغانەکان (دیارە مەبەستی لەوانەیە کەپێشتر چووبوونە ئەفغانستان- وەرگێڕ) گەڕانەوەو زۆرێك لەوانەی لەزینداندا بوون ئازادکران‌و ئەوەبوو هەریەك لە(طلعت فؤاد، رفاعي طه، اسامة رشدي، مصطفى حمزة، صفوت عبدالغني، علي الديناري) ئەمارەتی کۆمەڵیان گرتەدەست، هەتا ئەو دەمەی کە وتەبێژی رەسمیی

کۆمەڵ (علاء محي الدين) بەدەمانچەیەکی دەنگ کپ (کاتم الصوت) لەیەکێك لەشەقامەکانی (الهرم) تیرۆرنەکرابوو، کۆمەڵ پەنای نەبردبووە بەرچ کارێکی توندوتیژیو زەبروزەنگ لە(الصعید)، بەڵام دوای ئەو رووداوی تیرۆرکردنە، ئیتر رووبەڕووبوونەوەی سەخت لەنێوان ئەمانو دەزگاکانی ئاسایشدا دەستیپێکردو کارگەیشتە ئاستێکی خەتەرناکی تیرۆرو تیرۆرکاریو ئیتر ئەوەبوو تیرۆر بەتیرۆر وەڵام دەدرایەوە، ئەمەش بووە هۆی کوشتنی زۆرێك لەسەرکردەکانی کۆمەڵو هەروەها لەولاشەوە لەناوچوونی چەندین لەگەورە ئەفسەرانی پۆلیس (بەناوبانگترینیان: لیوا رؤوف خیرەت و لیوا غەببارەو لیوا شيمي) بوون، بەتایبەتیش لەشارەکانی (فیوم و اسیوط و سوهاج و اسوان)، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی ئاسایشو هەواڵگرو هاوکارانی ئاسایش (کەزۆربەیان قیبتی بوون) کوژران.

هەروەها زەبروزەنگی کۆمەڵ پەلیهاویشتە نێو بواری گەشتیاریشەوە (وەك رووداوەکەی ئوتێل ئەوروپا لەشەقامی هرم، رووداوە بەناوبانگەکەی الاقصر لەتشرینی دووەمی ١٩٩٧)و (هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیری ناوخۆ کەتیایدا رفعت المحجوب-ی سەرۆکی پێشووتری ئەنجومەنی گەل کوژرا)، کۆمەڵی (الصعید) شێخ عمر عبدالرحمن بەئەمیرو موفتی خۆیان دەزانن.

شایانی باسە کەدەستپێشخەری راگرتنی زەبروزەنگ لەلایەن سەرانی کۆمەڵەوەو لەنێو زیندانەوە جاڕی بۆ درا، دواتریش سەرکردەکانی (جیهاد)و گروپی (الناجون من النار) پشتگیرییان لێکرد، بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە بەتەنها لەلایەن کۆمەڵی (الصعید)ەوە خرایە سەرپێو بەردەوامیی پێدرا، ئەمەش لەو چوار کتێبەدا بەرجەستەبوو کەبەم دواییە دەرچوون.

### دەستپێشخەریی راگرتنی

### زەبروزەنگ:دنیابینییەکی واقیعیانەو روانینێکی شەرعیی

ئەو پیلەبازییە (واتا:محاججة) تیۆریی- فیقهییەی کە لەپای دەستپێشخەریی راگرتنی زەبروزەنگدا بەرپادەکرێت، پشت بەو بنەمایە دەبەستێ کە(شەریعەت: بۆ ئەوە هاتۆتە خوارەوە تاکو بەرژەوەندییە دینیو دنیاییەکانی عیباد دەستەبەر بکاتو خراپەو زیانیان لێ‌دوور بخاتەوە).

ئیتر لێرەوە راستکردنەوەیەکی مەنهەجییانەی مەسەلەی بەرژەوەندییەکانو زیانەکان یان خراپەکارییەکان (المصالح والمفاسد) هاتەئاراوە، (بەپشتبەستن بە وتەزاکانی الشاطبي و القرطبيو ابن کوسەیرو ابن تەیمیە)، دیارە ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامگیرییەی کەئەهلی عیلم لەبەر رۆشنایی چەندین بەڵگە پێی‌گەیشتنو هەروەها بەپێی ئەو مەرجانەی کەبەوردەکارییەوە ئوسوڵگەرایان دیارییان کردو ناویان نا

(المصالح المرسلة)- المصلحة المرسلة: بریتییە لەو مەسڵەحەتەی کەدانەری شەرع (لێرەدا مەبەست لەخودایە- وەرگێڕ) لەچوارچێوەی دەقێکدا حوکمێکی دانەناوە بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئەو مەسڵەحەتە، هەروەها دەلیلێکی شەرعیی نەخستۆتەڕوو بۆ ڕەچاوکردن یاخود ڕەتکردنەوەی مەسڵحەتەکە-.

گەڕان بەدوای مەسڵەحەتدا لەهەر مەسەلەیەك لەمەسەلەکاندا دەچێتەوەسەر ڕەچاوکردنی ئەوەی کە(جیهادکردن خۆی لەخۆیدا ئامانج (هدف)ێك نییە، بەڵکو دەبێو پێویستە مەسڵەحەتێکی بەهێز لەئارادابێت)، هەر کاتێکیش ئەو مەسڵەحەتە بەسەرچوو، ئەوا ئەو دەمە "مەسەلەی شەڕو کوشتار_ واتا جیهادکردنەکە- وەرگێڕ) پێویست بەبەردەوامبوون ناکاتو بەڵکو دەبێتەمایەی زیانو خراپەکارییەك کەپێویستە نەهێڵرێت".

هەروەها لەم پیلە بازییەدا بەدەیان نموونە لەئەزموونو کاروکردەوەکانی پێغەمبەرو (سەلەفی صالح: واتا پیاوچاکانی بەرلەخۆیان- وەرگێڕ) خراونەتەڕوو، لەوانە خەلیفەکانی راشدینو پێشڕەوانی ئایینی..

یەکێك لەو نموونانە ئەوەیە، کەزانایانی ئایینی ئەوەیان قەدەغەکردووە کەدادوەر (حاکم یان قازی) لەڕێگەی زانیاریی شەخسیی خۆیەوە حوکم لەسەر ڕووداوێك دەربکات، ئەگەرچی دەشێ ئەو زانیارییە شەخسییە مایەی متمانەپێکردنێکی زیاتر بێت لەقسەی چەند شایەتێك. (سەرنجی وەرگێڕ: لێرەدا مەبەست لەم حاڵەتە ئەوەیە، بۆ نموونە ئەگەر حاکم یان قازییەك لەدەرەوەی دادگادا، ئاگاداری ڕووداوێك بێتو زانیاری لەبارەیەوە هەبێت، نابێت ئەو ئاگاداریو زانیارییە بکاتە بنەمایەك لەبنەماکانی دەرکردنی حوکم یان بڕیارێك، دیارە ئەمە لەهەردوو ڕووی شەرعیو یاساییەوە قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام من لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوە ئەم سەرنجە دەنووسم).

هۆی ئەم قەدەغەکردنەش بۆ ئەوەیە کەپێویستە ئەو حوکمە زیاتر پابەستی بەڵگەیەکی تۆکمەو بەردەست بێت نەك پابەستی ویژدانی حاکم یان قازییەکە بێت بەتایبەت لەزەمەنێکدا کەفەسادو ئارەزووەکان زاڵو بەربڵاون، پاشان دەقی پیلەبازییەوکە دەگاتە ئەوەی کە(لەهەر شوێنو کاتێکدا بەرژەوەندیی گشتیی موسڵمانان ڕەچاوبکرێت ئەوە شەرعی خودا لەوێیەو، ئەوەی موسڵمانان بەچاکی دەزانن لەلای خودایش چاکە).

دەستگرتنو سووربوون لەسەر (المصالح المرسلة)، سێ مەرجی سەرەکی گەرەکە:

١-پێویستە ئەو بەرژەوەندییە گشتی بێت نەك تایبەتی.
٢-پێویستە بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینە بێت نەك وەهمیی.

٣-پێویستە دژو پێچەوانەی بنەمایەکی موعتەبەری شەرعیی نەبێت.

هەر لەم ئاقارەدا، چوار هۆکارو پێداویستی هەن، وادەکەن پەناببرێتە بەر ئەم جۆرە بەرژەوەندییانە (واتا: المصالح المرسلة)، ئەوانەش:

١-دوورخستنەوەی ئازارو زیان بەخەڵکی.

٢-نەهێشتنی ئەو پاساوو بیانووانەی کەبوونەتە مایەی ئازارو خراپەکاری.

٣-دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئوممەت، (مەبەست ئوممەتی ئیسلامە).

٤-گۆڕانی زەمەن، کەوا دەکات بەرژەوەندیی تازەی خەڵك بێتەئاراوە.

سەرکردەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی) لەپێناسەکردنی (بەرژەوەندی)دا پشت بەپێناسەکەی ئیمامی غەزالی دەبەستن، بەپێی ئەم پێناسەیەش، بەرژەوەندی: بریتییە لەپاراستنی مەبەستی دانەری شەرع (خودا) لەبارەی خوڵقکراوانەوە، ئەمەش مانای پارێزگارییکردن یان پاراستنی پێنج شتی پێویستە کەبریتیین لە: ئایینو نەفسو عەقڵو نەسلو ماڵ، ئیدی هەر کارێك ئەم پێنج بنەمایە ببوێرێت یاخود یەکێکیان بەلاوە بنێت ئەوا ئەو کارە دەچێتە خانەی خراپەکارییەوە (مفسدة)، بەلابردنی ئەم خراپەکارییەش، (بەرژەوەندی)یەك دەستەبەردەکرێت، وەکیتریش لابردنو نەهێشتنی خراپەکاری لەپێش وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانەوەیە "ئەمە بەپێی ئەو ڕێسا فیقهییەی کەدەڵێ: (درء المفاسد اولى من جلب المنافع) کەدواتریش بۆتە ڕێسایەکی یاسایی لەیاسای مەدەنیی عیراقیدا-وەرگێڕ"، بەمجۆرە پیلەبازییەکە وەك دەقێك جەردێکی مەسەلە ئوسوڵە شەرعییەکانی تایبەت بەپرۆسەی هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندییەکانو زیانو خراپەکان دەخاتەڕوو، واتە بەراوردێك لەنێوان ئەو بەرژەوەندیو زیانو خراپانەدا دەکات کەلەزەبروزەنگو مومارەساتی دەسەڵاتو گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکاندا، دەکەونەوە.. ئەنجامیش زیانو خراپەکان گەورەترو زۆرترنو بەرژەوەندی ئایینیو نیشتمانی دەکەونەبەر ڕەحمەتی زەبروزەنگو توندوتیژییەوە، پاشان هەمان ئەو دەقە دنیابینییەکی واقیعییانە بۆ مەسەلەکە دەخاتەڕوو، ئەم دنیابینییەش، لەوەدا کورت دەکاتەوە کەپێویستە: "سەرجەم هەڵوێستەکانو سەرپێخستنی حوکمەکانو دەرکردنی فەتواکان -پابەست بن- بەواقیع بینیو تێخوێندنەوەی -استقراو- دەرهاویشتەو بەرەنجامەکانی واقیعو پاشان دانانی ئەو واقیعەو بەپایەو کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی لەپایەو کۆڵەکەکانی هەر فەتوایەك..".

هەر فەتوایەك یان حوكمێك پێویستە پشت بەدوو لایەن ببەستێت:

یەكەم: واقیعو دەرهاویشتەو بەرەنجامەكانی.

دووەم: بەڵگە (دەلیلە) شەرعییەكانی نێو قورئانو سوننەو سەرچاوە موعتەبەرەكانیتری تەشریع.

لێرەوە دەقەكە ئەو هێزانە نمایش دەكات كەسوود لەزەبروزەنگو ململانێی ناوخۆ وەردەگرن، خۆئەگەر ئەو هێزانە بریتی بن لەرۆژئاواو ئەمریكاو عەلمانییەكان كەدەقەكە سەرجەمی ئەو هێزانە تاوانبار ناكات، بەڵكو پێی وایە كەزۆربەی هێزە عەلمانییەكان دەرك بەبەرژەوەندیی وڵات دەكەنو بانگەشەی یەكخستنی هەوڵەكان لەدژی دوژمنی راستەقینە دەكەنو ئەم جۆرە هێزە عەلمانیانە لەپرۆسەی ئەو یەكخستنەدا هاوكاریی هەرلایەك كەئامانجی بەگژداچوونەوەی دوژمنی راستەقینە بێت دەكەن ئەگەرچی لەرووی فكرو بیروباوەڕیشەوە جیاوازبن، ئەمەش بۆخۆی هەڵوێستێكە شایانی رێزگرتنە، مەبەستی سەركردەكانی (كۆمەڵی ئیسلامی) لەپشت نووسینی وەها دەقێكەوە "مەبەست لەدەقی دەستپێشخەری (مبادرە)كەیە كەئێمە پێشتر بەدەقی پیلەبازییو (محاججە) ناومان برد- وەرگێڕ" مەبەستێكی زانراوە لەمیسردا، ئەو سەركردانە مەبەستیانە بڵێن كەهەندێ لایەنی مەحسوب لەسەر چەپی نەتەوەیی یان ماركسی لەمیسردا هەمیشە لەدژی گروپە ئیسلامییەكان دەوەستنەوەو بانگەشەی لەرەگوڕیشە هەڵكێشانیان دەكەن، هەمان ئەم حاڵەتەش لەوڵاتی تونس دەبینینو ئەو هاوپەیمانێتییەی كەلەنێوان رژێمو هەندێ لەهێزە چەپەكاندایە گەیشتۆتە رادەیەك كەمەترسیی هەبێت بۆ سەر ئازادیو كەرامەتو دیموكراسی، لەهەردوو حاڵەتەكەشدا (لەمیسرو تونس) هاندەری سەرەكی بریتییە لەبەرژەوەندیی تەسكی حزبیی دەستەگەراییو ئەو بەرژەوەندییە شەخسییانەی كەهیچ ئەرزشو ئیعتبارێك بۆ بەرژەوەندییەكانی خەڵكو كەرامەتیانو پاشەڕۆژی وڵات دانانێن.

لەبەشی سێیەمی كتێبی (راستكردنەوەی چەمكەكاندا) جۆرێك لەخەمی ئینسانی نووسەرانی دەقەكەمان بەرچاو دەكەوێ بەرامبەر هەندێ چەمكی هەڵە كەلەژێر كاریگەری فشاری زەبروزەنگو بارودۆخی نائاساییدا كەڵەكەبوونو بنجیان داكوتاوە، بەتایبەتی ئەوەی كەلەوڵاتانی دەرودراوسێدا روودەداتو (بەدیاریكردنیش وڵاتی جەزائیر)، لەجەزائیر ژمارەیەكی زۆرو زەوەندی توێژی لاوانو گەنجانی موسڵمان بەرەو هەڵگرتنی بیری تەكفیركردن چوون وەك كاردانەوەیەكی توندوكۆنترۆڵنەكراو دژ بەو كارە مەهووسییانەی كەهێزەكانی دەرەكو كەتائیبی بەرگری میللی دەرهەقیان دەیكەن.

## کتێبی (حرمة الغلو في الدين وتكفير المسلمين)

"بەدوای دەرکردنی دەق یان کتێبی –دەستپێشخەریی ڕاگرتنی زەبروزەنگ: دنیابینییەکی واقیعیانەو ڕوانینێکی شەرعی- کەبەعەرەبییەکەی: (مبادرة وقف العنف، رؤية واقعية ونظرة شرعية) ئەوەبوو زنجیرە کتێبێك دەرچوون، لێرە بەدواوە ئەم نووسینە باس لەو کتێبانە دەکات وەك ژمارەیەك دەقی نووسراو- وەرگێڕ".

(حرمة الغلو في الدين وتكفير المسلمين) ئەم دەقە کەدووەمین دەقی زنجیرەی (ڕاستکردنەوەی چەمکەکانە) لەکلتوورێکی دێرینی ئیسلامیی میسرییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەم کلتوورە کۆمەڵێك نووسینو سەرچاوەی لەخۆگرتووە، دیارترینیان: کتێبەکەی (حسن الهضيبي-ی ڕەحمەتییە کەدووەمین ڕابەری (الاخوان) بوو دوای حسن البنا، کتێبەکەی بەناونیشانی (دعاة لا قضاة)، هەروەها کتێبەکەی سالم البهنساوي، بەناونیشانی (الحكم وقضية تكفير المسلم)، هەردوو کتێبەکەش لەنێو زیندانەکانی میسرو لەسەر وەختی ئەو میحنەتە ترسناکەدا دەرچوون کەتووشی (ئیخوان موسلمین) ببوو، ئەو میحنەتەی پاڵی بەژمارەیەکی زۆر لەوانەوە نا کەلایەنگیریی فکری تەکفیرو هیجرەتو زەبروزەنگو جیابوونەوە لەکۆمەڵی جاهیلی بکەن، "بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە کتێبی: (من حسن البنا الى حزب الوسط، الحركة الاسلامية وقضايا الارهاب والطائفية)".

کتێبی (حرمة الغلو في الدين وتكفير المسلمين) لەڕووی ناوەرۆکەوە چ شتێکی تازەی تێدانییە کەجیاواز بێت لەو کتێبەی باسکران، بەڵکو هەمان ئەوماناو چەمکانە دووبارەدەکاتەوە کەلەو دوو کتێبەدا هەن، بەتایبەتی لەوەدا کە: "بیدعەی تەکفیرکردن لەساڵانی شەستەکاندا لەمیسرو لەزیندانی حەربییەوە سەریهەڵدا، گرنگترین هۆکارەکانی ئەم بیدعەیەش، سەختیی ئەو ئازاردانو ئەشکەنجە تاقەت پڕوکێنە بوو کەگیراوەکانی (ئیخوان موسلمین) لەو زیندانە ترسناکەدا دووچاری دەبوون".

بەپێی بۆچوونی گروپە ئیسلامییەکانو سەرکردەکانیان مەسەلەی جیاوازییەکانی دیدوبۆچوونی دەستەو تاقمە ئیسلامییەکان هەر لەسەرەتاوە لەنێو زیندانی حەربیو لەسەر بنەمای پرسیارگەلی سەرجەم ئەو کادرو ئەندامانە هاتە ئاراوە کەدووچاری ئەشکەنجەدان هاتن، لەو پرسیارگەلەش، ئەم هەموو ئەشکەنجەدانە بۆچی؟ بۆچی ئێمەو ئەو تاوانە چییە ئەنجامان داوە؟ بڵێی تاوانی ئێمە

باوەڕداریی و ئیسلام بوون بێت؟ بەدوای ئەمانەدا پرسیارگەلێکی تریش ورووژێنران، وەك: ئایا ئەوانەی ئەشکەنجەمان دەدەن و جنێو بەئایینەکەمان دەدەن، بەموسڵمان دەدرێنە قەڵەم یان کافرن؟ ئەگەر کافرن ئەی حوکمی ئەوانە چییە کەگەورەو لێپرسراوی ئەمانەن و بڕیار بەدەستن؟

زۆرێك لەگیراوەکان وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی دواییان بەوە دەدایەوە کەگاردو جەللادەکانی زیندان و بەرپرس و گەورەکانیان بێگومان کافرن، سەرەڕاو زیاتر لەوەش ئەو جەماوەرەی کەگوێرایەڵی ئەم حوکمانەو ملکەچییان بۆ دەکەن و چەپڵەیان بۆ لێدەدەن (لەو سەردەم و رۆژگارەدا جەماوەر بەجەماوەری ناسڕی ناسرابوون) ئەوانیش کافرن، ئەوەشی بەکفر رازی بێت ئەویش کافرە، ئیتر بەمجۆرە شەپۆلی بەکافر لەقەڵەمدانی یان تەکفیری کۆمەڵگا بڵاوبۆوەو تاکو دەهات لایەنگرانی ئەم شەپۆلی تەکفیرکردنە زیادی دەکردو ئەوەبوو گروپەکانی تەکفیر وەکو بۆمبی (انشطاري)یان لێهات و تەنانەت لەنێو خۆشیاندا ئەگەر تیمێك لەسەر مەسەلەیەکی فیقهی ناسەرەکییش جیاوازیی دیدوبۆچوونی لەگەڵ تیمێکی تردا هەبوایە، دەکەوتنە تەکفیرکردنی یەکتری.

کتێبی (حرمة الغلو في الدين وتكفير المسلمين) باس لەمەسەلەی پەڕگیریی و توندڕۆیی لەئایین و ئەدگارەکانی و هۆیەکانی توندڕۆیی دەکات و پاشان باس لەحیکمەتی قەدەغەکردنی ئەم حاڵەتەو هەڵوێستی میانڕۆیی نێوان (تەکفیرو تەفسیر) دەکات، دواتر دێتەسەر باسکردنی بیدعەی تەکفیرکردن و وەڵامی ئەم بیدعەیە دەداتەوە بەتایبەتی لەئاماژەکانی تەکفیرکردنی یاخیبووانی موسڵمان و تەکفیرکردنی نەزان و جاهیلانی موسڵمان و بیدعەی تەکفیرکردنی فەرمانبەرانی حکومەت و جیاوازیی نێوان هەردوو حاڵەتی (الموالاة الممنوعة والمخالفة المشروعة).

ئەم کتێبە گەلێ بەشە توێژینەوەی سەرنجڕاکێشی تێدایە کەدەلالەت لەئاستی خەم و مەراقی نووسەرەکانی دەکەن بەتایبەتی لەکۆمەڵگەیەکدا وەك کۆمەڵگەی میسرو لەنێوەندێکدا کەپڕبێت لەگروپەکانی ئیخوان و بزوتنەوەی ئیسلامی و ئوسوڵیی ئیسلامیی بەندکراوی نێو زیندانەکان.

لەم کتێبەدا، لەژێر ناونیشانی سەرەکیی (صور من المخالفة الحسنة الجائزة مع الكفار والتي يظنها البعض خطأ انها موالاة محرمة)، ئەم بابەتانە دەخوێنینەوە"

چارەسەرکردنی نەخۆشیی کافر (یان کافرێکی نەخۆش)، چوونە سەردانو پیرۆزباییکردن لەکافرێ بەبۆنەی ژنهێنانو شووکردنو منداڵ خستنەوەو گەڕانەوە لەسەفەرو بۆنەیتری لەو بابەتە، نەفەقەکێشانی خزمانی ئەهلی زیمەت لەیەهودیو نەصرانی لەلایەن موسڵمانەوە، ڕێوڕەسمی بەڕێکردنی جەنازەی کافر، تەعزیەدانان بۆ کافر بەو مەرجەی پێچەوانەی یان سەرپێچیکردنی شەرعی تێدانەبێتو لەپەرستگای خۆیاندا نەبێت، بەشداریکردنیان لەکاری ڕێپێدراو (مباح)دا.

کاتێك ئەم ناونیشانو سەرلەوحەی بابەتانە دەخوێنینەوە دەرك بەوە دەکەین کەئاراستەکانی تەکفیرو تەجهیلکردن گەیشتوونەتە چ ئاستێك، بەتایبەت لەکۆمەڵگەیەکدا کەبەملیۆنان قیبتی (اقباط) تێدا دەژینو بەشداری ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانان بەوردو درشتییەوە دەکەن (بەتایبەتی لەگوندەکاندا)، هاوزەمان لەبەرامبەر ئەمەدا ئاستی بایەخی ئەزموونی لوبنانمان بۆ دەردەکەوێ کەوڵاتێکی فرە مەزهەبەو ژیانێکی هاوبەشیش دەژین.

لەبەشی (مظاهر الغلو في الدين)ی ئەم کتێبەو باقی کتێبەکانیتری زنجیرەی (ڕاستکردنەوەی چەمکەکاندا) سەرنجی ڕاکێشام، زۆریی ئاماژەکردنو بەسەرچاوەدانانی ڕاوبۆچوونەکانی (شیخ دکتور یوسف القرضاوي)یە کەپێشترو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەقوتابخانەیەکی میانڕۆی مامناوەندی سەر بەتەیاری ڕەحمەتیی (شیخ محمد الغزالي) دادەنرێ، (ئەگەرچی سەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لەکتێبەکانیاندا باسی ئەوە ناکەن کەقەرزاوی و غەیری ئەویش لەشاگردانی فکری غەزالیو میتۆدە میانڕۆکەی ئەون). هەروەها ئەو سەرکردانە لەکتێبەکانیاندا، ئاماژە دەدەنە بیروڕاو بۆچوونەکانی هەریەك لە: (الشيخ راشد الغنوشي- لەتونس)و (الشيخ محمد مهدي شمس الدين) کەلەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە بیروڕاو ئیجتیهادەکانی ئەم پیاوە بەشێوەیەکی فراوان لەمیسردا بڵاوبۆوەو پاشان سەردانو دیدارەکانی لەمیسر لەگەڵ پێشەوایانی فکرو پەیوەندییە تایبەتییەکانی بەهەریەك لە غەزالی و القرضاوي، پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەیاری مامناوەندی ئیسلامی دیموکراسیو زانایانی ئەم تەیارە وەك: ڕاوێژکار طارق البشري و دکتۆر محمد سليم العواء دکتۆر محمد عمارەو بەڕێزان ابوالعلا ماضي و جمال سلطان و صلاح عبدالكريم غەیری ئەمانیش.

کتێبی (تسليط الاضواء على ماوقع في الجهاد من اخطاء)

گەورەترین هاجسی نووسەرانی ئەم کتێبە چاوگێڕانەوەیە بەفکری گەنجانو لاوانی پڕ لەحەماسدا سەبارەت بەچەمکی (جیهاد) لەسایەی ئەنجامدانی کارە چەکدارییەکاندا دژ بە(هەندێ توێژی کۆمەڵگەی میسریی، لەوانەش پۆلیسو گەشتیارانو پرۆژەکانی گەشتیارییو کۆمەڵی نووسرانییەکان)، ئەم کتێبە زۆر بەقووڵیی زۆربەی ئەو بۆچوونانە دەهێنێتەوە کە لەکتێبەکەی (الامام شمس الدین)دا لەبارەی فیقهی زەبروزەنگی چەکداریی لەئیسلامدا خراونەتەڕوو، بەتایبەتی ئەو بەشەی کەتایبەتە بە(الجدوی السیاسیة)و هەروەها بەشی (الجهاد وقتال البغاة والامر بالمعروف والنهي عن المنكر).

هەر لەم کتێبەی (کۆمەڵی ئیسلامیدا) هەمان ئەو ئیعتبارە فیقهیو واقیعیانە دەخوێنینەوە کەلەلای (الامام شمس الدین) هەن، بۆ نموونە وەك: ئەگەر شەڕکردن بەرژەوەندییەك دەستەبەر نەکاتو بەروبوومێکی نەبێتو جگە لەخوێنڕشتن هیچ ئاکامێکیتری لێنەکەوێتەوە.

ئەوا ئەو شەڕکردنە لەڕووی شەرعەوە قەدەغەیە، ئەگەر روویدا، ئەوا شەڕەکە دەبێتە شەڕی فیتنە ئەگەرچیش لایەنێکی شەڕەکە لەسەرهەق بێتو لایەنەکەیتر ناهەق، چونکە لەئیسلامدا خوێنڕشتن لەپێناوی خودی خوێنڕشتن خۆیدا شەرعگەرایی بۆ نەکراوە، بەڵکو لەو پێناوەدا شەرعگەرایی بۆ کراوە کەبەرژەوەندییەکی گەورەتر، یاخود بەلاوەنانی زیانو خراپەیەکی گەورەتر لەخوێنڕشتنەکە خۆی لەئارادا بێت، ئەم کتێبە بەهانەو پاساوەکانی گەنجانی موسڵمان دەخاتەبەرباسو گفتوگۆ لەسەرکردن کەپەیوەندی بەو زوڵمو ستەمەوە هەیە کەدەرهەق بەگەنجانی موسڵمان کراوەو دواتریش ئەوانە دەیانەوێ گیراوو دەستبەسەرەکان ئازادبکەن، سەرکردەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی) هەر لەزیندانی خۆیانەوە بڕیار لەسەرئەوە دەدەن کەگەنجان لەئاست حەقیقەتێکی گرنگدا تووشی غەفڵەتزەدەیی بوون، ئەو حەقیقەتەش ئەوەیە کەهەتاکو ئەمان زەبروزەنگ بنوێنن، لەبەرامبەردا زوڵمیش روو لەزیادبوون دەکاتو ژمارەی گیراوەکان زیاتر دەبێتو خراپەو زیانەکان زیاتر روودەدەنو بەرژەوەندییەکان دەستەبەر نابنو خەڵکی پشت دەکەنە بانگەشەی ئیسلامەتیی.. هەموو ئەمانەش لەواقیعدا روویان داوەو قەوماون، دواجار دەکرێ بڵێین سەرەنجام هەموو دوژمنانی ئیسلام سوودمەند دەبن لەوەی کەدەقەومێتو روودەدات.. ئەمە سەرباری ئەوەی کەسومعەی (موسڵمانان لەهەموو دنیاداو لەدوای ئەو کارە چەکدارییو ئەو زەبروزەنگەی دژ بەگەشتیارانو

پرۆژەی گەشتیاریی ئەنجامدران، خراپ هاتەخوارێ.. هەروەها هەموو دنیا لەیەك بەرەدا گەلەکۆمەکێیان بۆ دژایەتیکردنی هەموو ئیسلام نەك بەتەنێ گروپە ئیسلامییەکان پێکەوەنا، سەرەڕاش موسڵمانان لەهەموو وڵاتانی دنیادا زۆر بەتوندیی گەمارۆدران و خوێنی موسڵمانان لەسەرجەم لایەنە ئیسلامییەکاندا لەمیسرو لەوڵاتانیتری ئیسلامیدا رژێنراو کرایە کاسەوە.

بەبۆچوونی من، ئەم دەقە (ئەم کتێبە) لەبەررۆشنایی ئەو جیاوازییە مەنهەجییەی کەلەنێوان ئەمان و تەیاری (القاعدة)-و تیۆریستە سەرەکییەکەی (ایمن الظواهري)ی یەکێك لەسەرکردە مێژووییەکانی (کۆمەڵی جیهاد)و تەیاری (طلائع الفتح) هەبووەو هەروەها بەدیارییکردنیش لەبەر رۆشنایی رووداوەکانی (١١)ی ئەیلولدا، نووسراوە.

سەرکردەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی) سوورن لەسەر دووپاتکردنەوەی ئەو قسەیەی خۆیان کەسەبارەت بەدەستپێشخەرییەکەی خۆیان و بەدەنگەوەهاتنی دەوروپشتەکەیان دەڵێن: (برایان و دۆستان و گەنجە باشەکان لەناوەوەو دەرەوەی زیندان و هەروەها لەناوەوەو دەرەوەی میسردا بەدەنگمانەوەهاتن ئەو کاتەی جاڕی راگرتنی زەبروزەنگ و شەڕو شۆڕمان راگەیاندو هەروەها داوای راگرتنی دەرکردنی ئەو بەیاننامانەمان کرد کەهاندەری زەبروزەنگ بوون.. ئیتر هەستی بەوەکرد کەتاکو چ رادەیەك برایان متمانە بەئێمە دەکەن).

## کتێبی (النصح والتبيين في تصحيح مفاهيم المحتسبين)

بەپێی ئەو زاراوانەی کە لەئەدەبیاتی چەپ و مارکسیزمدا هەیە، دەکرێ ئەم کتێبەو ناوەرۆکەکەی بەوە ناوزەدبکەین کەبریتییە لەپێویستیی رەخنەو رەخنەلەخۆگرتن، یاخود چاوگێڕانەوەی رەخنەیی، ئەوەش زیاتر لەو دەستەواژەیەدا دەردەکەوێ کەدەقەکە لەپاش ئاماژەکردن بۆ قسەکەی (عومەری کوڕی خەتتاب) بەکار هێناوە، قسەکە دەڵێ:

"لایمنعك قضاء قضیت فیه الیوم فراجعت فیه رأیك فهدیت فیه لرشدك ان تراجع فیه الحق فان الحق قدیم لایبطله شيء ومراجعة الحق خیر من التمادي في الباطل)، كه بەكورتیو بەكوردی ئەم قسەیە واتای چاوگێڕانەوە بەهەر هەڵوێستو كاروكردەوەو قسەیەكدا دەگەیەنێ بەمەبەستی راستكردنەوەی هەر هەڵە یان كەموكوڕییەك كەلەئارادا بێت، لەقسەكەدا لۆژیكی ئەوە بەدیدەكرێت كەچاوگێڕانەوە بەهەر هەڵوێستو حوكمو قسەیەكدا كەپابەندی حەقو بەرژەوەندی بێت باشترە لەبەردەوامبوونو مایلبوون بەلای ناهەقدا- وەرگێڕ".

مرۆڤ لەخەسڵەتو مۆركی خۆیدا بوونەوەرێكی وایە هەڵەدەكاتو هەتا كاریش بكات هەڵەكانی زیاتر دەبن (وكلما عمل زاد الزلل)، چونكە لەپاش كاری نبوەتەوە چ كارێك نییە بێ هەڵە بێت، بێگومان راوەستان لەسەر هەر هەڵەیەكو چارەسەركردنی بەتەنها لەڕێگەی بەخۆداچوونەوەو چاوگێڕانەوە بەو هەڵەیەدا، دێتەدی. ئەوەش (كردارێكە نەتاكو نەكۆمەڵو نەئوممەتیش ناكرێ دەستبەرداری بن..). دیارە مەسەلەی بەخۆداچوونەوە بۆ (پەیبردنە بەهەڵەكانو پرینگانەوە لێیانو پاشان راستكردنەوەی رێڕەوو راگرتنی نەفس. (دیارە مەبەست لەنەفسی ئەممارەیە- وەرگێڕ)، لەبەرەڵلاكردنی دوای هەواو هەوەسو غروورو عیبرەت وەرگرتن لەهەڵەكانیو لەسۆنگەی ئەوەشەوە نەوازشكارییو ملكەچكردن بۆ خوا.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی كەبەخۆداچوونەوە هەمیشە كاریگەریی خۆی لەسەر دەوڵەمەندكردنی مەسەلە فیقهییەكان جێدەهێڵێ، ئەویش لەڕێگەی سازدانی دیالۆگ لەگەڵ خودو غەیری خودیشدا، هەروەها چالاككردنی گیانی ئیجتهادو وازهێنان لەدۆگماو پابەستبوون بەشتی كۆنو ئیددیعاكردنی ئەوەی كەشتی كۆن بێ هەڵەیە، ئەمە لەكاتێكدا پێویستە بەسەرچاوەكردنی شەرع (مرجعیة الشرع) لەبەرچاو بگیرێت.

شتێكی ئاشكراشە كەدووبارەكردنەوەی مەسەلەی بەخۆداچوونەوە چ كاریگەرییەكی لەسەر پەروەردەكردنی كۆمەڵ هەیە لەڕووی نیەت پاكییان دەرهەق بەئامۆژگاریكارانو گریمانەكردنی راستگۆیی تیایاندا، هەر لێرەشەوە حەقیقەت ئەو ئامانجەیە كەكەسی ئیماندار عەودالە بەشوێنیدا، لەهەر زەمانو زەمینێكدا دۆزییەوە ئەوا ئەو كەسە شایستەترین كەسە پێی (ئەی كەواتە بۆچی ئەم حاڵەتە روونادات؟ ئەی بۆچی گروپە موسڵمانەكان لەبەرامبەر بەجێهێنانی وەها ئەركێكدا كەمتەرخەمن؟!)، ئەم پرسیارگەلەو پرسیارگەلیتریش دەبنە بنەمایەك بۆ ناوەرۆكی كتێبی ناوبراو كەتایبەتە بەچاوپێداگێڕانەوەو

رەخنەلەخۆگرتن، دیارە وروژاندنی ئەم پرسیارگەلەش بەمەبەستی وێناکردنی ئاسەواری دۆگمابوون‌و چەقبەستن‌و تووشبوون بەغرورو بەخۆدا نەچوونەوە دێت، بەتایبەتی سەبارەت بەکپکردنی رای‌تری جیاوازو ئیرهاب‌و تیرۆرکردن، هەروەها سەبارەت بەهەڵەتێگەیشتن لەوەی کەجێگیربوون (واتا: الثبات) لەسەر حەق بەئەرك (واجب) دەدرێتە قەڵەم‌و فەرمانکردن لەسەر ئەوەی کەحەق لەچ مەدارێکدا سوورِایەوە دەبێ لەگەڵیدا بسوورِێنەوە، رەنگە یەکەمین شتێك کەمەبەستی هەڵوێستەکردن لەئاست حەقداو جێگیربوون لەسەری، بریتی بێت لەچاوگێڕانەوە بەمەسەلەی هەڵەدا، ئەویش لەگۆشەنیگای (خولوص)ەوە "خولوص: بەواتا نیەت‌و نیازپاکیی بەرامبەر خۆشەویستی خوداو لەدڵاهەڵگرتنی ئەو خۆشەویستییە بەڕاستی، هەروەك لەدیوانەکەی حەزرەتی (مەحوی)دا باسکراوە- وەرگێڕ"، چونکە (ئیخلاص) نهێنییەکە لەنێوان بەندەو خواداو، عیبادەتێکە، پیاوچاکانی خستۆتە سەرگێژیی‌و شەکەتیی کردوون، خوداش کارێکی قبووڵ نییە ئەگەر سەراسەر پوخت‌و (خالص) نەبێت‌و (ئیخلاص)یش بەپێی پێناسەی (القشیری) بریتییە لە: (افراد الحق في الطاعة بالقصد)، بەواتا جگە لەنیەتی نزیکبوونەوە لەخودا چ نیازێکی‌تر لەنیازەکانی دنیای فانیی نابێ لەئارادا بێت.

(ئیخلاص)یش بۆ خۆی خاوەنی کۆمەڵێ نیشانەیە کەمرۆڤ بەهۆیانەوە خۆی دەناسێ‌و نیەتی خۆی هەڵدەسەنگێنێ‌و مەبەستەکانی خۆی پێیان راست دەکاتەوەو سەرجەمی ئەو نیشانانەش لەم وتەزایەی (الدقاق)دا کورت دەکرێنەوە کەدەڵێ: "الاخلاص هو الترقي عن ملاحظة الاشخاص والصدق والتنقي عن مطالعة النفس".

ئەگەر ئامانجیش پاراستنی کۆمەڵ بێت لەتاوان، ئەوا سەرکردەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی) داوا لەکەناڵەکانی میدیاو دامودەزگاکانی بانگەشەکردن (واتا دەعوەی ئیسلامیی) دەکەن کەکاربکەن بۆ (هاندانی خەڵك هاوکاری جددی ئەو دامودەزگایانە بکەن کەبەرپەرچی تاوان دەدەنەوەو یارمەتیان بدەن لەڕێی پاراستنی کۆمەڵدا، ئەو هاوکاریی‌و یارمەتیدانەش بۆخۆی فەرزێکە لەو فەرزانەی کەلەسەر شانی ئەهلی ئیمانە)، هەروەها لەپێناوی هوشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بەو هەڵانەی کەتێی دەکەون‌و راستکردنەوەیان‌و پاشان تێگەیشتن‌و رەچاوکردنی رۆڵی میللیانەی خەڵك لەپاراستنی کۆمەڵدا، قسەکردن لەبارەی رۆڵی میللیانەی خەڵك لەبەجێهێنانی ئەم فەرزەدا چ تەفسیرێك ناخاتەڕوو لەبارەی چۆنێتی جێبەجێکردنی یان بینینی ئەم رۆڵە میللییەو

سنوورەکانی‌و ڕێکخستنی ئەم ڕۆڵە، بەتایبەتی لەڕووی پەیوەندییەوە بەو دامودەزگایانەی دەوڵەتەوە کە(بەرپەرچی تاوان) دەدەنەوە، وەك پۆلیس‌و ئاسایش‌و دامودەزگاکانی تریش.

سەبارەت بەفەریزەتی (الامر بالمعروف والنهي عن المنكر)، یاخود پرۆسەی (الاحتساب)و ڕۆڵی (المحتسب)و زیاتر تێگەیشتن لەچەمکی ڕاستکردنەوەی ئەم فەریزەت‌و پرۆسەیە، ئەوا لەپایانی کتێبەکەدا زیاتر دەرك بەوە دەکەین کەئامانج لەم پرۆسەیە سڕینەوەی مەسەلەی (الحسبة) نییە وەك فەرزێکی شەرعیی، بەڵکو ڕاستکردنەوەی خەلەلێکە بەمەبەستی ڕێکخستنی خەڵك بەپێوانەو تەرازووی شەرع، لەپێناوی ئەوەشدا دەبێ (ڕیزەکان پاکسازیی بکرێن لەکەسانی ناجۆرونامۆ)و هەروەها پێویستە پێش ئەنجامدانی هەرکارێك، ئەو کارە بخرێتە ژێر تاووتوێی دوو حوکمی سەرەکییەوە کەئەوانیش نیەت‌و نیازی ڕاستگۆیانەو پشتبەستنە بەکەلامی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی. "ئەگەر وێکهاتنەوە لەنێوان هەردووکیاندا بوو، ئەوا باکەسی ئیماندار پشت بەخوا لەکارەکە بچێتەپێشێ‌و ئەنجامیبدات"، بەڵام ئەم کتێبە پێمان ناڵێت ئەو نیەت‌و نیازخاوێنی‌و ڕاستگۆییە چۆن دیاری‌و بەرجەستەدەکرێت ئەو کەسە کێیە بڕیاری حوکمی شەرع لەمەسەلەکانی (الحسبية)دا دەدات‌و کۆمەڵ چۆن دەتوانێ دەستەبژێرێکی تایبەت بۆ ڕاییکردنی ئەم کارە هەڵبژێرێت‌و دواجاریش پەیوەندی دەوڵەت چییە بەم پرۆسەیەوە؟

## کۆتایی‌و سەرنجی ڕەخنەگرانە

**ئەم دەستپێشخەرییە فکری‌و فیقهییە ئازایانەیەی سەرکردەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی) کەلەنێو زیندانەکانی میسرەوە جاڕیان بۆدا، پرسیارگەلێکی وەها دەورووژێنێ کەپێویسستیان بەخستنەسەرپێ‌و پێگەیاندنی زیاتر هەیە.**

دیارە ئەم دەستپێشخەرییە لەزەمان‌و زەمینێکی وەهادا دێت کەناوچەکە بەدۆخێکی هەستیارو گرنگدا تێدەپەڕێت، بۆیە زیاتر تیشك دەخاتەسەر ڕۆڵی سەرەکیی میسر لەڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکانی مەترسیدا، دیارە میسر (وەك سەرکردایەتی‌و سیستم‌و جەماوەر)و ڕۆڵی هەموو ئەمانە لەپاراستنی ئاشتی‌و تەبایی ناوخۆو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان.

ئەم دەستپێشخەرییە بانگەشەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی میسرو بەلاوەنانی هەر خەلەلێکی ناوخۆیی‌و هەر بارگرژییەك دەکات کەدەبێتە مایەی لەبەریەك هەڵوەشانی ڕستی نیشتمانیی‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی میسر،

بێگومان ئەم بانگەشەیە ئەوەش ڕەچاودەکات کە"کۆمەڵی ئیسلامی وەك بزوتنەوەیەکی ئاشتیخوازانەی بانگەشەکاری ڕۆڵی ئایندەی خۆی دەبێتو بەشداریی دەکات لەدامەزراندنی ڕێنسانسی ئەم کۆمەڵو ئوممەتەدا، هەروەك (جمال سلطان) وا دەڵێت"، بەڵام ئەم بانگەشەیە هیچ وەڵامێکی واقیعیانە ناداتە دەستەوە سەبارەت بەچۆنێتی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ئاشتبوونەوەیەکی مێژوویی ناوخۆییدا، هەروەها چۆنێتی گەڕاندنەوەی ڕۆڵی پێشڕەوانەی میسر لەسەر ئاستی عەرەبیو ئیسلامی، ئیعترافکردن بەهەڵەکانی کۆمەڵی ئیسلامیو هەروەها هەڵەی ڕژێمەکان، بەڵکو لەوەش زیاتر ئیعترافکردن بەتاوانی گرتنەبەری ڕێگەی تیرۆرو زەبروزەنگی کوێرانە کەلەقۆناغی پێشوودا بەربڵاوبوو، ئەم ئیعترافکردنە پاساوی هەڵەی دامودەزگا ڕەسمییەکانی میسر لەلایەكو هەڵەی هێزە سیاسییە غەیرە ئیسلامییەکان لەلایەکیترەوە، ناداتەوە.

هەروەك چۆن تەیاری سەرەکیی ئیسلامیی (ئیخوانو کۆمەڵو جیهاد) پرۆسەی بەخۆداچوونەوەو ڕەخنەلەخۆگرتنی ڕەگاژۆیی-یان ئەنجامداوەو ئەنجامی دەدەن، پێویستە هێزە سیاسییەکانیش "بەتایبەتی هێزەکانی دەسەڵات- وەرگێڕ)، ئەوانیش بەخۆداچوونەوە بکەن بۆئەوەی لەگەڵ بەخۆداچوونەوەی لایەنەکەی بەرامبەردا، ئەمانیش نیوەی ڕێگا بەرەو ڕەخساندنی زەمینەیەکی جێگیر بۆ ڕێنسانسێکی هاوچەرخ ببڕن، ئەم بەخۆداچوونەوەیەی دەسەڵات نەیەتەدی، بەتایبەتی لەڕووی ئەو مامەڵەی کپکردنو سەرکوتکردنو شێوازە موخابەراتییەی کەلەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا ئەنجامی دەدات، هەروەها لەڕووی ئاساییکردنەوەی (تطبیع)ی ناوخۆو دەستەبەرکردنی دیموکراسیو ئازادیو فرەدەنگیو لەڕووی ئازادکردنی سەرجەم گیراوو دەستبەسەرکراوانو لابردنی حاڵەتی نائاساییو یاساکانی تایبەت بەحاڵەتی نائاسایی (قوانین الطواريء)و هەڵگرتنی دادگا سەربازییەکان لەمیسرو تەنانەت لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە دەستەبەر نەکرێنو هەروەها ئەگەر شاڵاوی ئەو زوڵمو زۆرو ناوزڕاندنو دنەدانە ڕانەگیرێت کەهەندێك لایەنی نێودەسەڵاتو دەرەوەی دەسەڵاتیش لەمیسر دژ بەئیسلامو بزوتنەوەی ئیسلامیی بەرپای دەکەن، ئەوا ترسی ئەوە هەیە کەئەم دەستپێشخەرییە لەباربچێت، یاخود دووچاری وەرگۆڕان بێت بەرەو هاوارێکی تیۆریی- ئایینی کەڕێخۆشکەر بێت بۆ هێنانەئارای گۆشەگیربوونی (کۆمەڵی ئیسلامیی) لەسیاسەتو وەرگۆڕان لەشانۆی سیاسییەوە بەرەو ئامێزی

دەعوەی ئایینیو بەشێوازەکەی (الشیخ الشعراوي- یان الشیخ الجدید- عمرو خالد، یاخود گروپی (دەعوەو تەبلیغ).

بێگومان ئەوەش بۆخۆی زیانێکە لەمیسرو بزوتنەوەی ئیسلامیی عەرەبی دەکەوێ بەتایبەت لەڕووی ڕەچاوکردنی رۆڵی لەبەرچاوی (کۆمەڵی ئیسلامی) لەڕێڕەوی ئەو بزوتنەوەیەو چارەنووسەکەیدا لەڕووی جەسارەتی رەخنەلەخۆگرتنو ئازایەتیی فکریو راستگۆیی دەرهەق بەحەقو داد، کەئەمانە بۆخۆیان مەسەلە گەلێکن پێشتر لەبزوتنەوە ئیسلامییەکاندا بەدیمان نەکردوون.

## سەرچاوە:

پاشکۆی هەفتانەی رۆژنامەی (النهار)ی لوبنانی، نووسینی: سعد المولی، ژمارە (٥٣٩)ی رۆژی یەکشەممە، ٢٠٠٢/٧/٧.